# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سێ جار ئاوی بەسەر سەریدا دەکرد

لە ئەبی جەعفەر موحەمەد کوڕی عەلی کوڕی حوسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب دەڵێت: ئەو وباوکی لە لای جابری کوڕی عبدالله بوون، وکەسانێکی تری لەوێ بوون، وپرسیاریان لێکرد سەبارەت بە خۆشۆردن (غوسڵ کردن)؟ ئەویش (جابر) ووتی: یەک (ساع:صاع)* بەسە، پیاوەکە ووتی: ئەوەندە بەشم ناکات، جابر ووتی: بەشی ئەو کەسەی دەکرد کە مووی لە تۆ زۆرتر و لە تۆ خێرتر بوو (مەبەستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو)، وپاشان بە یەک جل کە لەبەریدا بوو پێشنوێژی بۆ کردین. وله گێڕانەوەیەکدا : «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سێ جار ئاوی بەسەر سەریدا دەکرد». *(یەک ساع:صاع/ بە ئەندازەی چوار مشتی ناو هەردوو (لەپی دەستێکی قەبارە مامناوەندە، کە دەکاتە نزیکەی 2.5 لیتر

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەبو جەعفەر موحەمەد کوڕی عەلی وباوکی لە لای هاوەڵی بەڕێز جابری کوڕی عبدالله بوون -ڕەزای خوایان لێبێت- وکەسانێکی تریش لەوێ بوون، وپیاوێک پرسیاری لە جابر کرد سەبارەت بە ئەندازە ئەو ئاوەی کە پێویستە بۆ خۆشۆردن (غوسڵ کردن) لە لەشگرانی؟ ئەویش (جابر) ووتی: یەک (ساع:صاع)* بەسە، وحەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی حەنەفیە لە لای جابر بوو، ووتی: ئەم بڕە بەشی خۆشۆردنم ناکات لە لەشگرانی، جابر ووتی: بەشی ئەو کەسەی کرد کە مووی لە تۆ زۆرتر بوو، ولەتۆش خێرتر بوو، بۆیە لە تۆ سوورتر بوو لەسەر پاکوخاوێنی لاشەی وپاراستنی دینەکەی کە مەبەستی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، ولێرەدا ئامۆژگاری کرد بۆ شوێنکەوتنی سونەت، وزیادەڕەوی وئیسراف نەکردن لە بەکارهێنانی ئاو بۆ خۆشۆردن (بۆ غوسڵ)،وپاشان جابر پێشنوێژی بۆ کردن. *(یەک ساع:صاع/ بە ئەندازەی چوار مشتی ناو هەردوو لەپی دەستێکی قەبارە مامناوەندە، کە دەکاتە نزیکەی (2.5 لیتر

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3455

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee